مرۆڤی دووڕوو (المنافق)

# مرۆڤی دووڕوو (المنافق)

نوسینی: م/ عبيد فقى محمد أمين
ئیمام وخه طیبی مزگەوتی
فرقان لە شۆرش/ چەمچەماڵ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والـسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعـين وبعد:

﴿ ومن الناسِ من يقُولُ آمنا بِالله وبِالْيومِ الْآخرِ وما هم بِمؤمنِين يخادعونَ الله والذين آمنوا وما يخدعونَ إلا أنفُسهم وما يشعرونَ في قُلُوبِهم مرض فَزادهم الله مرضا ولَهـم عذَاب أليم بِما كَانوا يكْذبونَ﴾

[البقرة: ٨-١٠] .

دوای ئەوەی خوای گەورە باسـی لـە خـوا ترسـان و بـێ بـاوەڕانی کـرد، لـەم چـەند ئایەتەی دواییدا باسـی خـراپترین و پـیس ترین کۆمەڵ دەکـات لەسـەر زەویـدا، ئـەو کۆمەڵـەی کەلـە سـەردەمی پێغەمبـەری خـواوە (ﷺ) هـەتا ئـەمڕۆیش بوونەتـە بارێك بەسەر ئیسلام و موسڵمانانەوە، ئەو کۆمەڵـەیش بـریتین لـە دووڕووەکـان (المنافقون).

خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿ومن الناسِ﴾ واتە: هەندێك لە خەڵكی هەیە﴿من يقُولُ﴾ دەڵـێن: ﴿آمنا بِاللـه وبِـالْيومِ الْـآخرِ﴾

باوەڕمان بە خوای گەورە و ڕۆژی دوایی هەیە ، بەڵام ﴿وما هم بِمؤمِنِين ﴾ وانی یە و ئەوان باوەڕدار نین و ڕاست ناکەن لەو قسەیەیاندا، چونکە ئەوان بە هەموو عەقڵێکیانەوە دەیانەوێت ﴿يخادعونَ الله والذين آمنوا﴾ کە فێڵ وفڕ لە خوای گەورە وباوەڕداران بکەن بەو قسە درۆیانەیان. بەڵام خەیاڵیان خاوە چونکە ﴿وما يخدعونَ إلا أنفُسهم﴾ بەس نەفسی خۆیان دەخەڵەتێنن بە تەنهاو فێڵ و فڕەکەیان هەر بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوە. بەڵام ﴿وما يشعرونَ﴾ ئەوان هەست ناکەن و هەست کردنیان لەدەست داوە.

ئەم دووڕووانە بە جۆرێکن ﴿في قُلُوبِهم مرض﴾ لە دڵیاندا نەخۆشی گومان هەیە ﴿فَزادهم الله مرضا﴾ خوای گەورەیش نەخۆشی دڵیان بۆ زیاد دەکات و بەهۆی تاوانەکانیانەوە زیاتر گومڕا و سەر لێ شێواویان دەکات، ئەمە سزای پەروەردگارە لە دونیادا بۆ ئەوان بەڵام ﴿ولَهم عذَاب أَلِيم﴾ بۆ ئەوان هەیە لەپاشەڕۆژدا سزایەکی بە ئێش و ئازار ﴿بِما كَانوا يكْذبونَ﴾ بەهۆی ئەوەوە لە قسە وگوفتاریاندا درۆ دەکەن، وبەلای ڕاستیدا ناچن، وئەوەی بە زمانیان دەیڵێن لە دڵیاندا نىیە.

لەم سێ ئایەتەوە چەند حوکم وسودێك وەردەگرین لەوانە:

١- فەرموودەی خوای گەورە: ﴿وما هم بِمؤمِنِين﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نابێت باوەڕدار باوەڕ بە هەموو کەسێك بکات و چیان ووت بەڕاستی بزانێت.

دووڕووەکان بەزمانی درۆینەیان بانگەشەی باوەڕی خۆیان دەکەن و خۆیان بە باوەڕدار دەژمێرن، بەڵام خوای پەروەردگار بەدرۆیان دەخاتەوە و موسڵمانان ئاگادار دەکاتەوە کە ئەوان درۆ دەکەن وباوەڕدار نین.

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿إِذَا جاءَك الْمنافقُونَ قَالُوا نَشهد إِنك لَرسولُ الله والله يعلَم إِنك لَرسولُه والله يشهد إِن الْمنافقين لَكَاذبونَ﴾ [المنافقون: ١] .

واتە: کاتێك دووڕووەکان دێن بۆلات دەڵێن: بەڕاستی شایەتی دەدەین کە تۆ پێغەمبەری خوایت (ﷺ)، خوای گەورە خۆی دەزانێت و زانایە کە تۆ پێغەمبەری خوایت(ﷺ)، وە خوای گەورە شاهیدە

کـە بەڕاسـتی دووڕووەکـان درۆ دەکـەن و درۆزنن.

ئەم دوو ئایەتە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە کەسـانێکی زۆر هـەن جێگـای بـاوەڕ و متمانە نین و نابێت باوەڕیان پی بکرێت.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمێت:

﴿ أكثر منافقي أمتي قراؤها﴾[1].

واتە: زۆربەی دووڕووەکانی ئوممـەتی مـن بریتین لە قورئان خوێنەکان.

بە ڕاستی ئەم فەرموودەیە زۆر ترسـناکە، هەر لەبەر ئەمەیشە هاوەڵان(ﭫ) زۆر لـە خۆیان دەترسان.

(حذيفة بن اليمـان) (ﭬ) دەفـەرمێت: [دعي عمر لجنازة، فخرج فيها أو يريـدها، فتعلقت به فقلت: يا أمير المؤمنين فانه مـن أولئك (أي المنافقين) فقال: أنشدك بالله، أنا منهم؟ فقال: لا، ولا أبريء أحدا بعدك][2].

واتە: ئیمامی عومەری کوڕی خطاب(ﭬ) بـانگ کـرا بـۆ لای جەنازەیـەك، ئـەویش دەرچــوو لەگــەڵ جەنازەکــەدا، یــاخود ویستی لەگەڵیـدا دەرچێت، منـیش خـۆم پێ گەیانـدو ووتم دانیـشە ئـەی پێـشەوای موسـڵمانان، ئـەو جەنازەیـە یەکێکـە لـە دووڕووەکان، ئەویش فەرمووی: سـوێندت دەدەم بە خـوای گـەورە کـە ئایـا مـن لـە دووڕووەکــان نــیم؟ ئــەویش فــەرمووی: نەخێر تۆ لەوان نیـت، بـەڵام لـە دوای تـۆ تەزکی یەی هیچ کەس ناکەم.

پیاوێك لای حذيفة بوو(ﭬ) ووتی: خوایە دووڕووەکان لەناو بـەریت. حذيفـة(ﭬ) پێی فەرموو: ئەوە چی دەڵێیت؟! ئەگەر خـوای گـەورە دووڕووەکـان لـەناو بـەرێت ئەوا بەهەرچی جێگایەکدا بڕۆیت خۆت بـە غــەریب دەزانیــت و بەکــەمی خــەڵك دەبینیت.

( أم سلمة)خێزانی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەفەرمێت: [دخل عليها عبـدالرحمن بـن عوف، فقال: يا أمه قد خفت أن يهلكـني كثرة مالي، أنا أكثر قريش مالا، قالت: يـا بني فأنفق، فإني سمعـت رسـول الله(ﷺ) يقول:

﴿إن من أصحابي مـن لا يـراني بعـد أن أفارقه﴾، فخرج فلقي عمر، فجـاء عمـر،

---

١- ( سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢/٧٥٠).

٢- ( قال إبن حجر في المطالب العالية: إسناده صـحيح)، (وقال الشيخ مقبل بن هادي الوادعي في الجامع الصحيح: حديث حسن).

تدخل عليها، فقال: بالله منهم أنا؟ قالـت: لا، ولن أبلي أحدا بعدك][3].

واتـه: ( عبدالرحمن بن عوف) (رضي الله عنه) چوو بـۆ لای دایکـی بـڕواداران ( أم سـلمة) ی خێزانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وفەرمووی: ئەی دایە، بەڕاستی دەترسم لەوەی کە مـاڵ و سـامانە زۆرەکـەم لـەناوم بـەرێت، چـونکە مـن لـە هـەموو قورەیـشیەکان دەوڵەمەند ترم و ماڵم زیاترە لەوان.

دایکی باوەڕدارانیش( خوای لێ ڕازی بێت) فـەرمووی: ئـەی کـوڕم، مـاڵ وسـامان ببەخـشە، چـونکە بەڕاسـتی گـوێم لـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـوو دەیفـەرموو: بەڕاستی هەندێ کەس هەیە لە هاوەڵان و هاوڕێیانم نامبینێتـەوە لـە پاشـەڕۆژدا لـە دوای ئەوەی کە لێ ی جیا دەبمەوە،

( عبدالرحمن بن عوف) (رضي الله عنه) هەستاو لای دایکـی بـاوەڕداران( خـوای لێ ڕازی بێـت) دەرچـوو گەیـشت بـە پێـشەوا عومـەری کـوڕی خطاب(رضي الله عنه) وئـەو فەرموودەیـەی بۆ باس کرد، پێشەوا عومـەر(رضي الله عنه) چـوو بۆ لای دایکی بـاوەڕداران( خـوای لێ ڕازی بێت) و پێ ی فەرموو: سوێندت دەدەم بە خوای گەورە ئایا من لەو کەسانە نـیم کـە پێغەمبەری خوا (ﷺ)بۆتی باس کردووە؟

ئەویش فەرمووی: نەخێر تۆ لـەو کەسـانە نیت، بەڵام جگـە لـە تـۆ تەزکیـەی هـیچ کەس ناکەم.

مەبەسـتی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـە هاوەڵانی ئەو هاوەڵە بەڕێزانە نیـە کـە باوەڕدار بوونە وبـە بـاوەڕداری مردوونـە، چـونکە دروسـت نیـە بـۆ ئێمـە بـەهیچ شـێوەیەك گومـانی خـراپ بـە هـاوەڵان بـەرین، بـەڵکو مەبەسـتی دووڕووەکانـە بەبەڵگەی ئەم فەرمودەیە کە پێغەمبـەری خوا (ﷺ) لە وەڵامی هاوەڵاندا فەرمووی: ﴿ معاذ الله أن يتحدث النـاس أني أقتـل أصحابي﴾[4].

واتـە: پـەنا دەگـرم بـە خـوا لـەوەی کـە خەڵکی بڵێن محمد (ﷺ) هـاوەڵانی خـۆی دەکوژێت.

خـۆ دووڕووەکـان هـاوەڵی ڕاسـتەقینەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نـەبوون، بـەڵام لەبـەر قـسەو تانـەو تەشـەری خـەڵکی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فـەرمانی نـەدەکرد بە کوشتنیان.

---

٣- (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٦/ ٢٩٨٢).

٤- ( صحيح الجامع الصغير: ٢/ ٥٨٧٨).

زانایان ( ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) لە پێناسەی هاوەڵاندا دەفەرموون: هەرکەسێك گەیشتبێت بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و باوەڕی پێ هێنا بێت ولەسەر باوەڕ مردبێت ئەوە هاوەڵە.

بەڵام دووڕووەکان نەباوەڕدارن و نە بەباوەڕداریش مردوونە.

کەواتە: مەبەست بەفەرموودەکەی( أم سلمة) هاوەڵانی بەڕێز نییە(رضي الله عنهم) بەڵکو مەبەست پێ ی دووڕووە بێ ڕێز و بێ نرخەکانە. والله أعلم .

٢- فەرمودەی خوا ﴿يخـادعونَ اللـه﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دوو ڕووەکان خوای پەروەردگار ناناسن، چونکە ئەگەر پەروەردگاریان بناسیایە ئەوا دەیانزانی ودڵنیا دەبوون لەوەی کە خوای گەورە فێڵی لێ ناکرێت وکەس ناتوانێت فێڵی لێ بکات.

تەنها ئەم ئایەتە بەسە بۆ نەزانی ودواکەوتوویی دووڕووەکان.

دروست بوونی ئەم بیروباوەڕە دواکەوتووە لەنەبوونی باوەڕەوە دروست دەبێت.

٣- فەرموودەی خوا﴿يخـادعونَ اللـه والذين آمنوا﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە فڕو فێڵ کردن یەکێکە لە سیفات و ڕەوشتی دووڕووەکان، فڕو فێڵ کردنی دووڕووەکان لەچەند ڕوویەکەوەیە کە ئەمە هەندێکیانە:

یەکەم: لای موسڵمانان وباوەڕداران خۆیان بەباوەڕداری ڕاستەقینە دەردەخەن وخۆیان بەدڵسۆزو هاوبیری باوەڕداران لەقەڵەم دەدەن، وەکو لە: ﴿وإذا لقوا الذين آمنوا قالوا آمنا﴾ [البقرة: ١٤].دەردەکەوێت.

دووەم: بەڕواڵەت خۆیان بە دڵسۆزی باوەڕداران دەردەخەن ولەژێرەوەیش نەخشەو پیلان دژی باوەڕداران بەرپا دەکەن.

گەر تەماشای مێژوو بکەیت ئەو کاتە بۆت ڕوون دەبێتەوە کە دەستیان لە خوێنی ملیۆنەها موسڵماندا هەبووە، و کەمتەرخەمىیان نەکردووە لە دژایەتی کردنی موسڵمانانندا.

سێیەم: لە کڕین و فرۆشتنیاندا فڕو فێڵ دەکەن، چونکە کەسێك لە خوا نەترسێت و درۆکردنیش سیفەتی بێت و گوێ بە

حەڵاڵ وحەرام نەدات ورەحم وبەزەیشی لە دڵدا نەبێت لەبەرامبەر موسڵماناندا چۆن فرو فێڵ ناکات؟!

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمێت:

﴿من غشنا فليس منا﴾[٥].

واتە: هەرکەسێك فرو فێڵمان لێ بکات ئەوە لەسەر ڕەوشت ورێبازی ئێمە نییە.

چوارەم: فرو فێڵ کردن لە پەیماندا

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمێت:

﴿آية المنافق ثلاث: إذا حدث كذب، وإذا وعد أخلف، وإذا اؤتمن خان﴾[٦].

واتە: نیشانەی مرۆڤی دووڕوو سێ شتە: کاتێك کە قسە بکات درۆ دەکات، وەکاتێك کە پەیمان بدات نایباتە سەر، وە کاتێك سپاردەیەکی لا دابنرێت ناپاکی لێ دەکات.

٤- فەرموودەی خوا﴿وما يخدعونَ إلا أنفُسهم﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە سەرەنجامی تاوان و خراپە سەرشۆڕی یەو زەرەر و زیانەکەی هەر بۆخاوەنەکەی دەگەڕێتەوە لەهەردوو جیهاندا.

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿من عملَ صالحا فَلنفْسِه ومن أساءَ فَعلَيها وما ربك بِظَلامٍ للْعبِيد﴾ [فصلت: ٤٦] .

واتە: هەرکەسێك کردەوەی چاك بکات سودو قازانجەکەی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، وەهەرکەسێکیش تاوان و خراپە بکات زەرەرو زیانەکەی بۆسەر خۆیەتی وبەسەر خۆیدا دەشکێتەوە.

دووڕووەکان بەهەموو بیرو عەقڵێکیانەوە وا دەزانن بەدرۆکانیان خواو باوەڕدارانیان هەڵخەڵەتاندووە وفێڵ وفرەکانیان سەری گرتووە وسەرکەوتوون، پەروەردگاریش دڵنیایان دەکاتەوە کە تەنها فرو فێڵیان لە خۆیان کردووە وهەر خۆیشیان سەرشۆڕو هەڵخەڵەتاون.

٦- فەرموودەی خوا: ﴿ وما يشعرون ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەست کردن (الشعور) یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کە ئادەمیزاد لەتاوان و ناپاکی دور دەخاتەوەو وای لێ دەکات کە هەموو کات هەست بە چاودێری(مراقبـ ـ ـة)ی پەروەردگاری بکات بەسەرییەوە.

دووڕووەکان لەبەر ئەوەی پەروەردگار هەستی لێیان سەندۆتەوە تووشی تاوانی

---

٥-( صحيح الجامع الصغير: ٢/ ٤٦٠٧).

٦-( صحيح الجامع الصغير: ١/ ١٦).

زۆر دەبــن و نــازانن بەرژەوەنــدیيان لەچیدایە وزەرو زیانیانیش لەچیدایە.

بەڕاستی هەستکردن یەکێکە لە نازو نیعمەتەکانی خوای گەورە بەسەر ئادەمیزادەوە، پەروەردگار لەم چەند ئایەتەدا دوو جار باسی ئەوە دەکات کە دووڕووەکان هەستیان نیيە ولە دەستیان داوە، ئەم دووبارە بوونەوەيش بەلگەيە لەسەر ئەوەی کە هەست کردن شتێکی گرنگە بۆ ئادەمیزاد.

٧- فەرموودەی خوا﴿فَزادهم الله مرضا﴾ بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە بەردەوام بوون لەسەر تاوان هۆکارێکی سەرەکیيە بۆ زیاد کردنی نەخۆشی دڵ و زیاتر تاریك کردنی.

ئەم نەخۆشی دڵە نەخۆشیيەك نیيە بە پزیشك چارەسەر بکرێت، بەڵکو نەخۆشیيەکە تەنها بە وازهێنان لە تاوان و گەڕانەوەی ڕاستەقینە بۆ لای خوای گەورە چارەسەر دەکرێت.

مەبەست بە نەخۆشی لەم ئایەتەدا نەخۆشی گومان و شوبوهات و دووڕوویيیە، چونکە دڵ دوو نەخۆشی ڕووی تێ دەکات ولەسەلامەتی دەری دەکات:

أ- نەخۆشی گومان وشوبوهات: وەك: بێ باوەڕی و گومان وداهێنراوەکان(البدع).

ب- نەخۆشی ئارەزووەکان( الشهوات): وەك: زیناو حەز کردن لە تاوان و بەدڕەوشتی وخۆش ویستنی تاوان.

٨- فەرموودەی خوا: ﴿بِمَا كَانُوا يَكْذِبونَ﴾ بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە درۆ کردن یەکێکە لە سیفاتی دووڕووەکان، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمێت:

﴿آية المنافق ثلاث: إذا حدث كـذب، وإذا وعد أخلف، وإذا اؤتمن خان﴾[٧].

واتە: نیشانەی مرۆڤی دووڕوو سێ شتە: کاتێك کە قسە بکات درۆ دەکات....

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

---

٧-( صحيح الجامع الصغير: ١/ ١٦).